# ئەم دوو حیزبە ئەمجارەیان لە سەر چی ڕێك ناکەون؟

**د.کمال سید قادر**
a7825836@unet.univie.ac.at

خەلقی کوردوستانی خوارو بە شێوەیەکی گشتی وە دەشتوانم بلێم بە شێکی زۆری خەلقانی بەشەکانی تری کوردوستان ئێستا چاویان بڕیوەتە چۆنیەتی بەشداری کردنی لایەنە سیاسی یە کوردی یەکان لە هەلبژاردنەکانی داهاتوی عێراقو کوردوستان. ئایا لیستێکی یەکگرتوی کوردی پێکدێ؟ ئەگەر لیستێکی لەم جۆرە ببێ کامە لە لایەنە کوردی یەکان بەشداری تیا دەکەن وە بۆ کامە هەلبژاردن، پەرلەمانی عێراق، پەرلەمانی کوردوستان یاخود ئەنجومەنی پارێزگاکان؟ لیستێکی یەکگرتوی لەم جۆرە ڕێژەی هەر حیزبێک لە نێو ئەم لیستەدا چۆن دیاری دەکات؟ یاخود ئەگەر ئەم لایەنانە لە سەر ئەم لیستە ڕێکنەکەوتن دەبێ لە سەر چی بێت؟

ئەمانە هەندێک لەم پرسیارانەن کەوا لەوانەیە لە مێشکی زۆر کورد بخولێنەوە بەلام من لەوە دلنیا نیم کەوا زۆر لایەنی سیاسی کوردی بە تایبەتی هەردو حیزبی سەرەکی بە هەمان گرنگی چاویان بڕیبێتە بەرژەوەندی یەکانی کورد لەم هەلبژاردنانەدا، بەلکو لە جیاتی ئەمە ئێستا لە پشت پەردەوە خەریکی شەڕە پەڕۆیەکی قورسن لە سەر دیاری کردنی ڕێژەی هەر یەکێکیان لە ناو لیستێکی لەم جۆرە.
کێشەکەش لە ڕاستیدا سیستەمی هەلبژاردنی عێراق دروستی کردوە کەوا چونیەتی دابەشکردنی کورسی یە کانی پەرلەمانیو ئەنجومەنەکانی تری هەلبژێردراو بە سەر لیستە براوەکان دیاری دەکات. بە پێ ی سیستەمی هەلبژاردنی عێراقی دابەشکردنی کورسی یەکانی پەرلەمانی بە سەر لیستە براوەکان بە ڕیز دەبێت واتە لە ناوی یەکەمەوە دەست پێدەکات تاکو بەشەکەی خۆی وەردەگرێت. بۆ نمونە ئەگەر لیستێک بایی 10 کورسی پەرلەمانی دەنگی هێنا ئەوا ئەو 10 پالێوراوەی لە سەروی لیستەکەن لە ژمارە 1-10 کورسی یان بەر دەکەوێت وە 265 پالێوراوەکەی تر (لیستێک دەتوانێ تا 275 پاێوراو لە خۆی بگرێت) بە بێ کورسی دەمێننەوە. جا بۆیە پالێوراوی ژمارە یەک لە سەر لیستەکە دەرفەتی بردنەوەی کورسی یەکی پەرلەمانی لە هەمو پالێوراوەکانی ژێر خۆی زیاترە ئیتر بەم جۆرە تا بێ یتە خوارەوە دەرفەتی پالێوراو کەمتر دەبێتەوە. جا کێشەی ئەو لایەن سیاسی یەی کەوا دەیانەوێ کوئالیسیۆن بکەن واتە بە لیستی هاوبەش بێنە خوارەوە پشەکی ئەوە دەبێت پالێوراوی چی حیزبێک لە ڕیزەکانی سەرەوەی لیستەکە بێت وە بە ڕێژەی چەندیش چونکە مەحالە هیچ لیستێک هەر 275 کورسی یەکانی پەرلەمان بباتەوە. جگە لەوەش کەوا لە نێو

حیزبە بەشداربوەکانیش لەم لیستە دەبێ کێشەی ئەوە لابەلا بکرێتەوە کامە پالێوراو لە ڕیزەکانی سەرەوە بێت.

هەر ئەم سیستەمی دابەشکردنەشە بە پێ ی یاسای هەلبژاردنی عێراق کەوا ئێستا بوەتە گەورەترین کۆسپ لە ڕێگای پێکهێنانی کۆئالیسیۆنێکی کوردی فراوان بە تایبەتی سەبارەت بە ڕێککەوتنی هەردو حیزبی سەرەکی. وە کێشەکەش شتێکی زۆر ڕونو ئاشکرایە دەشتوانرێ بە ئاسانی لابەلا بکرێتەوە.
بۆ نمونە ئەگەر ڕێژەی کورد لە عێراق 25% بێت واتە هەمان ڕێژە دەنگەرمان دەبێت لە هەلبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقی وە چاوەڕوانیش دەکرێت دەنگبدەنە لیستی کوردی ئەگەر ئەم لیستە هاتە کایەوە. کەواتە لەم حالەتەدا لە کۆی لە 25% ی ئەم 275 کورسیانەی پەرلەمانی عێراقی بە دەست دێنین با وا دابنێین 68 کورسی. بەلام لە بەر ئەوەی لیستێکی یەکگرتوی کوردی تا 275 پالێوراو لە خۆی دەگرێ دەبێ پاش هەلبژاردن ئەم 68 کورسی یە بە سەر پالێوراوان لە ژمارە یەکەوە تاکو 68 دابەشبکرێت وە ئەوانی تریش تەنها سوپاس بکرێن. جا کێشەی لایەنە سیاسی یە کوردی یەکان بە تایبەتیش هەردو حیزبی سەرەکی ئێستا لە سەر ئەوەیە هەر حیزبەو کامە ڕێژەی لە نێو ئەم 68 پالێوراوەی سەروی لیستەکە هە بێت، جگە لە گیروگرفتیش لە نێو حیزبەکان خۆی لە سەر ئەوەی کامە پالێوراو لە سەروی لیستەبێ؟ چونکە هەروەکو لە سەرەوە باسمان کرد ناوێ پالێوراوێک چەند لە سەرەوە بێت دەرفەتی بردنەوەی کورسی یەکی ئەوەندە زیاترە. وە بردنەوەی کورسی یەکی پەرلەمانی تەنها بون بە ئەندامی پەرلەمان ناگەیەنێ بەلکو پۆستی تری زۆر گرنگ چاوەڕوانی ئەندامانی پەرلەمان دەکات. بۆ نمونە بە پێ ی یاسای بەڕێوەبردنی کاتی هەرسێ ئەندامەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەبێ ئەندامی پەرلەمان بن جگە لە سەرۆکو دوو جێگری سەرۆکی پەرلەمان خۆیو ئینجا پۆستی سەرۆک وەزیرو وەزیرەکان جگە لە ئەندامیەتی لێژنەی دانانی دەستورو وە ژمارەیەک لە لێژنەی تایبەتی تر وەکو لێژنەی پەیوەندی یەکانی دەرەوە، لێژنەی دارایی..هتد. کەواتە ئەوەی دەبێتە ئەندامی پەرلەمان، پەرلەمان دەبێتە هۆیەک بۆی بۆ گەیشتن بە پۆستی تر هەر بۆیەشە ئەم شەڕە باسکو قەڕەپەستانێ یە لە نێو حیزبە کوردی یەکان دروست بوە لە سەر شوێنی پالێوراوەکانیان لە سەروی لیستەکە.
دیاری کردنی ڕێژەی هەر حیزبێک لە ناو لیستی یەکگرتو کێشەیەکی تریش دروست دەکات ئەمیش زیاتر لایەنێکی سایکۆلۆجی هەیە چونکە دانانان بە ڕێژەیەکی بەرزتر بۆ هەر حیزبێک لە نێو لیستی یەکگرتو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دبێتە دانانان بە قورسایی سیاسی ئەم حیزبە لە نێو جەماوەر بە بێ ئەوەی هەلبژاردن کرابێت وە ئەمەش لە پێگەی حیزبەکانی تر کەم دەکاتەوە. بۆ نمونە ئەگەر ڕێژەی 40% بدرێت بە یەک لە حیزبە سەرەکی یەکان ئەوا مانای ئەوەیە کەوا هەمو لایەنەکانی تر دانیان بەوە نا کەوە ئەم حیزبە پالپشتی لە 40% جەماوەری هەیە.

ئەم کێشانە هەمویان بێ گومان چارەسەریان هەیە ئەگەر وویستی لایەنە سیاسی یەکان هەبێت بۆ لابەلاکردنی ئەم کێشانە. بۆ نمونە دەتوانرێ هەر حیزبێکی سەرەکی ڕێژەی 30% لە نێو لیستی یەکگرتو بۆ دابین بکرێ وە 20 % بۆ حیزبە بچوکەکانی تر کەوا بە عادیلانە بە سەریان دابەش بکرێت، ئینجا ئەم لە 20% دەمێنێتەوە بە تەڕو ووشک لە نێوان هەردو حیزبە سەرەکی دابەش بکرێت. ئەم کاتە هەر کامەیان ڕێژەی زۆرتریشی دەست کەوت ئەوا بە ڕێککەوت بوە وە ناتوانێ وەکو دەستکەوتێکی سیاسی بیقۆزێتەوە بەم جۆرەش کێشە سایکۆلۆجیەکە لادەبرێ. پرنسیپی لابەلا کردنەوەی کێشەی لەم جۆرە بە ڕێگەی تەڕو ووشک لە زۆر سیستەمی هەلبژاردن پەیرەو دەکرێ بە تایبەتی کاتێک دوو پالێوراو لە دەنگا یەکسان دەبن. ئەوەی پێ ویستە لێرە تەنها لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی میللەتە پێش بەرژەوەندی تەسکی حیزبیو تایبەت.

ئەگەرچی لابەلاکردنەوەی کێشەی دابەشکردنی ڕێژەکان لە نێو لیستێکی یەکگرتوی کوردی بۆ هەلبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقی کارێکی ئاسان بێت بە بەراورد، بەڵام لابەلا کردنەوەی هەمان کێشە لە حالەتی لیستێکی یەکگرتوی هەمو لایەنە سیاسی یەکانی کوردوستان بۆ هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردوستان کارێکی زۆر ئالۆزترە چونکە لەم حالەتەدا بە پێچەوانەی حالەتی پەرلەمانی عێراقی دیارە کەوا ئەم لیستە زۆرینەی هەرە زۆر واتە لە 80% بە سەرەوەبە دەست دەهێنێ کەواتە دیاریشە کەوا ئەم لیستە حکومەتی کوردوستانیش پێک دەهێنێت. وە گیرو گرفتەکە هەمدیسان لێرەوە دست پێدەکەن کامە حیزب کامە ڕێژە وەرگرێت چونکە حیزبی خاوەن بەرزترین ڕێژە مافی ئەمەش بە خۆی دەدات ڕۆلی سەرەکی لە پێکهێنانی حکومەتی کوردوستان ببینێت واتە پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو وەزارەتە گرنگەکان بە تایبەتی دارایی بۆ خۆی دابڕێ.
ئەمەش کارێکی زۆر ناعادیلانەیە چونکە زۆرینە دەدات بە لایەنێک بە بێ ئەوەی ئەم لایەن خۆی ماندو کردبێ بۆ بە دەست هێنانی زۆرینەی دەنگەکان وە ئەمەش بێ گومان دەستکەوتێکە لە سەر حیسابی لایەنەکانی تر. کەواتە ئەگەر ڕاستیتان دەوێت هەلبژاردن هەر پێ ویست نی یە بەلکو پرۆسەیەکی ڕۆتینی یە چونکە بێ هەلبژاردن دیارە زۆرینە بۆ لایەنێکی سیاسی لە نێو لیستی هاوبەش دابینکراوە.
جا بۆیە هەر لایەنێکی سیاسی بە تایبەتی یەکێک لە حیزبە سەرەکی یەکان ئەگەر بە دابینکردنی ڕێژەیەکی لەم جۆرە بۆ لایەنێکی تر ڕەزامەندی خۆی پشاندا واتا دان بە دۆڕانی خۆی دەنێت بەرامبەربە لایەنی خاوەن ڕێژەی زۆرینە. جا حیزبەکانی کوردوستان هەمو خۆ پەرستن وەکو هەمو حیزبێکی تر لە جیهان ئەگەر نا با لایەنێک قوربانی بدات لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی.
خۆی لێرەش ڕێگای چارەسەری زۆر هەیە بەڵام لایەنە بەشدارەکان بە تەواوەتی ئامادە نین حەلێک قەبول بکەن مەگەر چۆن ڕوبەڕوی هەڕەشەیەکی دەرەکی گەورە ببنەوە یەکیان بخات یاخود میللەت پالەپەستۆیان بخاتە سەر. بۆ نمونە دەتوانرێ ڕێژەیەکی یەکسان بۆ هەردو

حیزبی سەرەکی دابین بکرێت لە گەل ڕێژەیەکی عادیلانە بۆ حیزبە بچوکەکان بەلآم پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە نۆبەت بێت لە نێو هەردو حیزبی سەرەکی یاخود هەتا لە نێو هەمو حیزبەکانی بەشدار لە حکومەتی کوردوستان هەروەکو سویسرا کەوا هەر سالەی یەکێک لە وەزیرەکان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکات.

بە ڕای من کێشەی ڕێکنەکەوتنی حیزبە کوردی یەکان بە تایبەتیش هەردو حیزبە سەرەکی کێشەیەکی ناوخۆیی نی یە بەلکو کێشەیەکی ئیقلیمیو نێو دەولەتی یە ئەوا دیارە دیسان زۆر لایەنی دەرەکی دەستیان خستۆتە خنخنۆکەی کوردی وە بە دەردی نسکۆیەکەی سالی 1975 دەبن. ئەمریکا هەمو قورسایی خۆی خستۆتە پال یەکێک لە لایەنە سیاسی یە کوردی یەکان چونکە لە مێژوەوە هەلسوکەوتی لە گەل کردوە وە لایەنەکانی تری بەغداش هەروا خەریکن خۆیان بۆ ڕۆژێک ئامادە دەکەن خەونی کوردوستانمان لە ژێر زنجیری دەبابەکان بپلقێننەوە وە ئێستا هەر ئامادە نین لە گەل سەرکردایەتی سیاسی کورد چاوپێکەوتنیش بکەن هەروەکو کۆبونەوەکەی دوکان بە دیاری خست کەوا هەمو کەسایەتی یە سیاسی گرنگەکانی عێراق وەکو سەرۆکی کۆمارو سەرۆک وەزیرو سەرۆکی حیزبە سەرەکی یەکانی تری عەرەبی ئامادە نەبون، کەچی پێش پرۆسەی ڕوخانی ڕژێمو ماوەیەکیش پاش ئەم پرۆسەیە هەردەم ڕێگای کوردوستانیان دەکوتایەوە. هەرئەوەندە ماوە کەوا لە خۆ ئامادەکردن بونەوە وە چەکو تفاقیان بە تەواوەتی نوێ کردەوەو لەشکرێکی نوێ یان دروست کرد ئینجا ئەم شەڕی مانو نەمانەمان لە گەل دەکەن کەوا هەڕەشەی پێ دەکەن. پێش ئەم شەڕەش هەتا بتوانن ڕیزەکانمان تێک دەدەنو پەرتمان دەکەن چونکە ئەو کاتە ڕاوکردنمان ئاسانە.
هەر بژی خیانەت.